www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:43 29-7-2007

## (کریستال) پش بوە دوژمنی کورد ... رەجەب حاجی ئاکرەیی

ئەندامی ئەنجومەنی کارگێری

ئەوەی ئەمرو بکەوێتە ناو زانیاری لە سەر مادە بێ هوش کەرەکانی مروڤ زۆر شتی سەیر گوێی لی دەبیت و شتی سەیر تریش دەبێنیت.



لە سەرەدانەکم بو وەلاتی ئیران و گەران لە زوربەی دەڤەرەکانی کورد نشین لە کوردستانی ئیران دیار بو مادەی بێهوشکەری (کریستال) ئەوێی گرتوتە خو وە دایك و باوکانی ئەو لاوانەی کور و هندی جاریش کچی هاراسان کردبو. زور دل تەنگ بوم و هیوا دارین سەرکردە کوردەکانمان و و هاولاتیان زورتر غەم لە بەردەم ئەم کیشەیە کە کوشەندەیە بخون تا وەکو چیتر لاوانمان توشی نەبن.

بەراستی گوناهە لاوانی ئیمە ئا بەو شێوەیە خویان دەدورێنن و دەکەونە ناو داوی خەیالێکی کوشەندە و خویان دەستوتێنن و دوای سوتاندنی خویان وەلاتەکەشمان توشی پیسی دەکەن کە ئەویش مەسرەف کردنی مادە بێهوش کەرەکەی (کریستال) ە

ئەم مادەیە زور کەم ناو بانگی هەیە چونکە نوێی یە با زورتر زانیاری لە سەر ئەم مادەیە بلێیم

ئەم مادەیە وەك مادەکانی تری بێهوش کەرە وەکو (تریاك- هێروئین- حەشیشو هتد)

مادەکە پێك هاتوە لە 3 جورە حەبی وەك پەراسیتولی سەر ئێشان.

نرخیان زور ئەرزانە و هەر حەبێك بە 2000 تومانی ئیرانی و 1500 تومان و 500 تومانە. بو زورتر مەعلومات هەر 1000 تومانی ئیرانی تقریبا 1500 دیناری چاپی ئیراقیە.

بە خواردنی حەبەکەی 2000 تومانی بو ماوەی 48 ساعەت سەر خوش دەبی و هەروەها سەر خوش بونی وەك سەر خوشیەکانی تر نیە وبەلکو بو پی ی ئەو لێکولینەوەی کە ئیمە کردمانە سەر خوشیەکە لەم 48 ساعەتەی سەر خوش 24 ساعەتی بە تەواوی سەرخوشە و هەر 10 دەقیقە جارێك دونیای بە جورێك وەکو (رەنگی شین –سور –زەرد-رەش-قاوەی_وهتدد) دەبینێت دوای ئەمە24ساعەتەکەی تر زور بە سەرخوشیەکی خوش و کەم ئاگادار بون لە قسە و هەلسوکەوتی خویان دەژین.

ئا بەم شێوەیە لاوان خویان توشی سەر خوشی حەبی کریستال دەکەن.

نەخوشیەکانی کە لی ی دروست دەبن ئەویش ئەوەیە کە دروست دوای شەش مانگ لە شێوێنێکی ناو گیانی مەسرەف کراو جورە کرمێکی سپی و زور ورد دروست دەبیت. ئەم کرمە لەماوەیەکی زور کورت دا تەمەنی ئەو لاوە کەم دەکاتەوە و هەرواهادەیکوژیت کوشتنەکەشی بەم شێوەیە دەبیت.

کرمەکە لەماوەیەکی کەم دا گەورە دەبیت و دەگاتە هەمو لەشی مروڤ و ئیسقانی مروڤ دەخوات و لە ئاکام دا بە توش بونی ئەو مروڤە بە هەر نەخوشیەك قەت چارەسەری ناکری هەتا مردن.

حالەتێکی تر هەیە ئەویش بە گچکەترین راکێشانی هەر شێوێنێکی ئەم مروڤە ئەو شێوێنە دەر دێت وەکو (کوێی لاق دەست و سەر) .

ئەمە خەفەتێکە کە هەمو دایك و باوکانی غەم بار کردوە و زور لە کور و کچەکانیان دەترسن کە توش بین کە توشیش بون چارەسەری بو نیە. لە لایەکی ترەوە غەمێکی گەورەیە بو ئیمە وەکو میللەتی کورد کە لاوەکانمان توشی ئەم کێشەیە دەبن و لە جیاتی ئەوە کە رێگەی خەبات و کوشش و ماندوبون بگرنە بەر بو ئازادی خاك و نیشتیمان توشی ئەم هەلە مێژوییە دەبن و خویان و ئیمەش دەکوژن. بە راستی گوناهە؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:43 29-7-2007

یەکیك لەو کەسانەی کە فروشراوی ئەم حەبانە بو گوتی: یەکیك لە دوستەکانم کە کوردە بانگهیشتی تاران کرا دوایی چەند روژێك کە گەرایەوە کوردستان (ئیران) ئەویش منی بانگ کرد و گوتی موشتەری (کریستالم) بو بدوزەوە بو توش فایدەی تێدایە دیار بو کە بانگهیشتەکە وەکو خویی دەگێرایەوە لە لایەن دەزگایەکی ئیرانیەوە بانگ کرابو وە وە تەکلیف کرا بو کە ئەم مادەیە لە دەڤەرەکانی (ارومیە-مهاباد –نقدە-شنو و سقز و بانە) و هتد بەلاوی بکاتەوە و ئەگەر پی ی بکری رەوانە ئەم دیوی کوردستانی (عێراق) بکات. شایانی باسە کە ئیستا لە ئیران زور خەلك ناگێرێت بە مەسرەف کردنی ئەم موادانە و پولیسی ئیرانی خویی لە گێلی دەدات و بە دوری نەزانن کە ئەو کەسەی بچێتە شکایەت خویی دەگیرێت بویە کەس مەجبور نیە خویی بە گرتن بدات.

لە راستی دا ئەمە غەمێکی گەورەیە و خوزگە دەخوازین لە سەرکردایەتی کورد و ئەو سەرکردە سیاسیانەی کورد لە ئیران زورتر ئاگاداری باری ژیان و گوزەرانی خەلکی کوردستان بن و رێگر بن لە بەردەم ئەم کەسانە و با خویان خویان نەکوژن و دوژمن هەمو رێگەیەك دەداتە بەر بو لە ناو بردنی میللەتی ئیمە. چونکە ئەمە پێشەی دوژمن بە خێراترین رێگە و بی امکانیات ترین رێگە بگرێتە بە خو وە ئیمەی لە ناو ببات سەردەم بەم شێویەیە لی هاتوە و شەری تفەنگ و چیا زور باوی نەماوە هەمو رێگەیەکانی تر دەدەنە بەر خویان تاوەکو ئیمە لە ناو ببەن لە ناو بردنی ئیمەش رزگار بونی (عەرەب و فارس و تورکە) . با ئێمەی لاو بتوانین خۆمان و خاك و ولاتمان بپاریزین دژ بەم جۆرە کارانە بوەستین کە دەیانەوی بیرو هۆشی لاوانی کورد بشێوێنن ومەرامە گلاوەکانیان لە ناو کۆمەلگەی کوردی بلاو بکەنەوە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.